پزیشکیان: هەرگیز ملکەچی هەڕەشە و هەژمونی هیچ لایەنێك نابین



مەسعود پزیشکیان سەرۆك کۆماری ئێران ڕایگەیاند، حکومەتەکەی لە ڕۆژگەی پێسەی دیپلۆماسییەوە هەوڵدەدات "ڕێگری لە دوبارەبونەوەی شەڕ و ململانێ" بکات، جەختیشیکردەوە، "بەڵام هەرگیز ملکەچی هەڕەشە و هەژمونی هیچ لایەنێك نابین".

مەسعود پزیشکیان لە میانەی سەردانەکەیدا بۆ وەزارەتی نەوتی ئێران ئەمڕۆ یەکشەممە و دیداری لەگەڵ بەرپرسانی باڵای وڵاتەکەی ڕایگەیاند، "شەڕ لە بەرژەوەندی کەسدا نییە و هیچ براوەیەکی تێدا نییە".

وتیشی، "ئێمە بە پشتبەستن بە دروشمی حکومەت و ڕێبازی ئاشتەوایی نیشتمانی و هاوسەنگی ناوخێیی و دڵستایەتی لەگەڵ دراوسێکانمان و وڵاتانی دیکەی جیهان، هەوڵدەدەین لەسەر ڕێگای ئاشتی و سەقامگیری و ئارامی بەردەوام بین".

جەختیشیکردەوە، "ئێمە خۆبەزلزانینمان نەکردوە و نایکەین، بەڵام هەروەها بە هیچ شێوەیەك ملکەچی نادادپەروەری و هەژمون نابین".

سەرۆك كۆماری ئێران بە ئاماژە بەوەی کە "ئەگەر خۆڕاگری و یەکگرتویی خەڵك نەبوایە، هاوکات لەگەڵ توانا و موشەکەکانی ئەو هێزە چەکدارانەی کە شانازیی کیانە زایۆنییەکانیان تێکشکاند، ئێران نەیدەتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت".

مەسعود پزیشکیان جەختی لە گرنگی زیادکردنی وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتدا کردەوە و وتی، "زۆر کەس و قەوارە هەن کە خواست و ئامادەیی خۆیان بۆ وەبەرهێنان لە بواری بەرهەمهێنانی وزە و بەکاربردنی بەرهەمەکان دەربڕیوە و دەبێت بە شێوەیەکی کاریگەرتر هەنگاو بنێین بۆ ئەوەی سود لەم توانایە وەربگرین".